گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/zygn6d83

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/03/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 08/05/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# سالح زەکی بەگی ساحێبقڕان: ژیانی و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیری(1944-1886) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە

**همزه عثمان حويز[1] - هيوا حميد شريف[2]**

hewa.hameed@koyauniversity.org - hamza.othman@koyauniversity.org

[2+1]بەشی مێژو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

توێژینەوە و بەدواداچون و خستنەڕوی وێستگەکانی ژیانی ئەو کەسانەی لەبوارە جیاوازەکاندا، ڕۆڵیان هەبوە و بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانیان کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیان دروستکردوە و شوێنپەنجەیان لەسەر لاپەڕەی مێژودا جێهێشتوە، کارێکی گرنگەو هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕوی ڕاستی ڕوداوەکان و زانیاریە شاراوەکان، هاوکات هەوڵ و کۆشش و ماندوبونی ئەم جۆرە کەسایەتیانەمان بۆ بەدیاردەخات، بۆ ئەمەش سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم ژمارەیەك کەسایەتی لەناو کورددا بەدیارکەوتون، کە (سالح زەکی) یەکێکە لەو کەسایەتیە دیارانەی شوێنپەنجەی لەبواری سیاسی و سەربازی، کارگێڕی و ڕۆشنیری بەجێهێشتوە، بێجگەلە بواری سەربازی کە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوە، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق چەندین پۆستی کارگێڕی لەشار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق وەرگرتوە و لەم بوارەشدا ڕۆڵی بینیوە و خزمەتی زۆری پێشکەشکردوە، سەرباری ئەوەی لە بواری ڕۆشنبیریشدا کاری زۆر و گرنگی بەئەنجام گەیاندوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕۆڵی ڕاستەقینەی (سالح زەکی) بەئەرێنی و نەرێنی بخاتەڕو، فاکتەرەکانی پشت پێگەیشتن و ڕۆڵبینی ناوبراو ئاماژەپێبدا، بۆ گەیشتن بەم ئەنجامانە هەوڵدەدرێت بەمیتۆدی خستنەڕوی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان لایەنە شاراوەکانی و پێگەی ژیانی ناوبراو وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: دەرکەوتن و پێگەیشتنی (سالح زەکی) چۆن بوە؟ سەرباری دڵسۆزی و لێهاتویی، کەچی لەپۆستی فەرماندەی سەربازی کوردستان دورخراوەتەوە، ڕۆڵی لەبواری ڕۆشنبیریدا چیبوە و گواستنەوەی لەشارێك بۆ شارێکی دیکەو زوزو گۆڕینی پۆستی کارگێڕی ناوبراو بە چی هۆکارێك بوە؟

**کلیلە وشەکان:** سالح زەکی، سیاسی، سەربازی، پۆستی کارگێڕی، ڕۆشنبیری

# Salih Zaki Beg Sahibqiran: His Life, Political, Military, and Cultural Role (1886-1944) — A Historical Study.

**Hamza Othman Hawez[1] – Hewa Hameed Sharif[2]**

[1+2]Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Research, investigation, and examination of the life trajectories of individuals who played significant roles in various fields and who, through their efforts and struggles, influenced the course of events during their time and left their mark on the pages of history. This is an important endeavor that aims to reveal historical truths and uncover hidden information. Among these figures, several Kurdish personalities emerged in the early 1920s, with Salih Zaki being one of the prominent figures who left his mark in political, military, administrative, cultural, and many other domains. Beyond his military career as an Ottoman army officer, upon his return to Iraq, he held various administrative positions across different cities and regions of Kurdistan and Iraq, where he played significant roles and rendered considerable services. He also achieved significant accomplishments in the cultural sphere. This study aims to objectively present Salih Zaki's true role, both positive and negative, and indicate the factors behind his development and influence. Using a methodology of presenting and analyzing information, this study attempts to uncover the hidden aspects of his life and position by addressing the following questions: How did Salih Zaki emerge and develop? Despite his loyalty and competence, why was he removed from the position of Kurdistan's military commander? What was his role in cultural affairs, and what were the reasons behind his frequent transfers between cities and rapid changes in administrative positions?

**Keywords:** Salih Zaki, Political, Military, Administrative positions, Culture.

## پێشەکی:

نوســـین و توێژینەوە لەبارەی مێژوی کەســـایەتیە ناودارەکان، بەشـــێکی گرنگ و بایەخدار لەنوســـین و مێژوی هەر نەتەوەیەك پێکدێنێت، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆڵی گەورەو دیاریان لەبوارە جیاوازەکاندا هەبوە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە ئاشنای ژمارەیەك ڕوداو پێشهات دەبین، کە لە نوسینی دیکە نەمانبینیوە، لەم سۆنگەیەی (ساڵح زەکی)یش، یەکێکە لەم کەســـایەتییانەی لەنیوەی یەکەمی ســـەدەی بیســـتەمدا ڕۆڵی گرنگی لەبوارە جیاوازەکاندا بینیوە و ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەمشێوەیە لەبارەیەوە بەکارێکی پێویست زانراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم بابەتە تازەیەو پێشـــوتر بەشـــێوەیەکی زانســـتی و ئەکادیمی هیچ توێژینەوەیەك لەسەر ئەم کەسایەتییە نەکراوە، بێجگە لەبونی هەندێك زانیاری ناتەواو، بۆیە ئەم بابەتە شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە و بەپێویست زانراوە توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەی لەسەر ئەنجامبدرێت.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە چەندین زانیاری بایەخدار لەســـەر مێژوی ئەو قۆناغەی کەسایەتی ناوبراو تێیدا ژیاوە دەخاتەڕو، کە لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ نەکراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** هەوڵدانە بۆ تیشك خستنە سەر لایەنی ژیانی و ڕۆڵی (ساڵح زەگی بەگی ساحێبقڕان) لەبواری سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیریدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هێڵە ســـەرەکییەکان و بنەماکانی نوســـینەوە ســـودوەرگرتنە لە ڕێباز و توێژینەوەی مێژویی، کە خۆی لە کۆکردنەوەی ســـەرچاوە و بەڵگەی دروســـت و پەیوەســـت بە ڕوداو و زانیارییەکان و پاشان هەڵێنجان و خستنەڕو شیکردنەوەیان بینیوەتەوە.

**ئاســـتەنگەکانی توێژینەوەکە:** هەر توێژینەوەیەك بەپێی سروشـــتی خۆی، گیروگرفتی تایبەت بەخۆی هەیە، گرفتی ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لەناوچونی بەشـێکی زۆری بەرهەمەکانی ناوبراو، کە ئەمەش ئاستەنگ بو لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیاری تەواو لەسەر ئەم کەسایەتییە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشـــانی (ســـاڵح زەکی بەگی ســـاحێبقڕان: ژیانی و ڕۆڵی ســـیاسی و ســـەربازی و ڕۆشـنبیری(1886-1944) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە)، بێجگە لە پوختە و پێشـەکی و ئەنجام، سێ تەوەرەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە لەتەوەرەی یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر بنەچە و لەدایکبون و دەرکەوتنی ساڵح زەکی بەگی ســـاحێبقڕان. تەوەرەی دوەم: باسـکردنە لە ڕۆڵی ســـەربازی ســـاڵح زەکی بەگ و هەڵوێســـتی سـیاسی، هاوکات تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی ساڵح زەکی بەگ لەبواری ڕۆشنبیریدا خراوەتە بەرباس و توێژینەوەی لەبارەوەکراوە.

**شـیکردنەوەی گرنگترین سـەرچاوەکان:** لەنوسـینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا سـود لەچەندین سـەرچاوەی جۆراوجۆرو ڕەســـەن وەرگیراوە، کە بەشـــێکی زۆریان بەزمانی کوردی و بەشـــێکی دیکەیان بەزمانی عەرەبین، بەمەش زانیارییەکانی ناو هەندێك لەم سەرچاوانە دەگمەن و بۆ توێژینەوەکە سودی زۆریان لێوەرگیراوە لەنمونەشیان وەکو: (مذكرات علي كمال عبدالرحمن)، چونکە نوســـەر هاوچەرخ و هاوڕێی (ســـاڵح زەکی) بوە و زانیاری وردی ســـەبارەت بەکار و هەڵوێســـتە ســـیاســـییەکانی ناوبراو لەخۆگرتوە. هاوکات لەســـەرچاوەکانی دیکە ســـودێکی زۆر لە کتێبی (گۆڤاری دیاری کوردســـتان) وەرگیراوە، کە ڕەفیق ســـاڵح ئامادەیکردوە و هەریەك لە (نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمین و صـــدیق ســـاڵح) لێکۆڵینەوەیان

لەسەر کردوە، چونکە ئەم سەرچاوەیە لەبنەڕەتدا کۆکراوەی ژمارەکانی گۆڤاری ناوبراوە و بەوردی تیشکی خستۆتە سەر بەشێك لە ژیان و ڕۆڵی (سالّح زەکی) لە بوارە جیاوازەکاندا. هەروەها سودێکی زۆرمان لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی وەرگرتوە، کە بەشێکیان هاوچەرخی ڕوداوەکان بون و زانیاری دەگمەن و وردیان لەخۆگرتوە، لەنمونەشیان وەکو(گۆڤاری گەلاوێژ، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ڕۆژنامەی ژین). ئەمەو سەرباری چەندین سەرچاوەی دیکە، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا نوسراون و ئاماژەیان بۆکراوە.

**تەوەرەی یەکەم: بنەچەو لەدایکبون و دەرکەوتنی سالّح زەکی بەگی ساحێبقڕان:**

سالّح کوڕی حوسێن بەگ کوڕی داود بەگ کوڕی مەحمود بەگ کوڕی ئەحمەد بەگە، نازناوی (زەکی) هەبوە و بە (سالّح زەکی بەگی ساحێبقڕان) ناسراوە (گەلاوێژ، 1945: 1؛ بابان، أ 2012: 284)، سەبارەت بەنازناوی (ساحێبقڕان)یش، کە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری هەڵیانگرتوە لە دو وشەی (ساحێب + قڕان) پێکدێت، وشەی (ساحێب) بەواتای خاوەن دێت، (قڕان)یش، جۆرە دراوێکی کۆنی ئێرانی بوە، بەمەش هەردو وشەکە بەیەکەوە بە واتای خاوەن پارە دێت(سالّح[1]، 2025)، کە ناوی بنەماڵەی (سالّح زەکی) بوەو یەکێکن لەبنەماڵە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەرچی مێژوی بونیان بۆ پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی (ئەحمەد بەگ)ی باپیرە گەورەی (سالّح زەکی) وەکو یەکێك لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە لەسەر داوای سلێمان پاشا (1747- 1763)ی فەرمانڕەوای بابانەکان لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕویکردۆتە (قەلاچۆلان)ی پایەتەختی ئەوکاتەی میرنشینی بابان و پۆست و پلەی پێدراوە، دوای گواستنەوەی پایەتەختی (بابان)ەکان بۆ سلێمانی، ناوبراو لەگەڵ خێزانەکەی ڕویان کردۆتە سلێمانی و لەوێدا نیشتەجێبون، بەمەش ناوبراو بە باپیرە گەورەی ساحێبقڕانەکانی باشوری کوردستان لەقەڵەمدەدرێت (حەمەبۆر، 2010: 13-14)، لەم کاتەوە تاوەکو ئێستا بنەماڵەی ساحێبقڕان بەیەکێك لە بنەماڵە هەرە کۆنەکانی سلێمانی دادەندرێت(بابان، ب 2012: 88)، کە ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری (سالّح زەکی) هەبوە، لەم سۆنگەیەی ئەم بنەماڵەیە خوێندەوارو ناوداربونە چەندین کەسایەتی و شاعیری گەورەی تێدا هەڵکەوتوە وەك: (سالم، کوردی، حەمدی، عادلە خانم و سالّح زەکی بەگی ساحێبقڕان)(بابان، أ 2012: 283).

ڕێتێدەچێت بانگهێشتکردنی (ئەحمەد بەگ)ی ساحێبقڕان لەلایەن (سلێمان پاشا)ی بابان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە بێجگە لەوەی ناوبراو کەسێکی ئازاو لێهاتوی بوارەکانی سەربازی و بەڕێوبردن بوە، خاوەن پێگەو دەسەڵات و سەر بە بنەماڵەیەکی ناودارو خوێندەوار بوە، ئەم تایبەتمەندییانەی ناوبراو دوای نیشتەجێبونی لە سلێمانی لە نەوەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە ئەوەتا لەدوای خۆی چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیر و خوێندەواریان تێدا هەڵکەوتوە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا.

سەبارەت بەمێژوی لەدایکبونی، کە لەسەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆکراوە بیرو بۆچونی جیاوازهەیە، (کەریم شارەزا) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ناوبراو لە (7ی نیسانی 1886) لەدایکبوە(1998: 12)، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بۆچونە ژمارەیەك سەرچاوە کۆکن لەسەر ئەوەی (سالّح زەکی) لە ڕێککەوتی (6ی ئاداری 1886) لە هەڵەبجە لەدایکبوە(گەلاوێژ، 1945: 1؛ پەتی، 1992: 4). پێدەچێت بیروڕای دواییان لەڕاستییەوە نزیکتربێت، لەبەرئەوەی سەرچاوەکان ڕەسەنترن،

لەلایەكی دیكە بۆچونی یەكەم لەدیدی خۆیەوە ئەم ڕێككەوتەی داناوە نەوەكو پشتی بە بەڵگەو سەرچاوەی ڕەسەن بەستبێت.

شایەنی باسە پێگەیشتن و گەورەبونی (ساڵح زەكی) بەئاسانی تێپەڕنەبوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەتەمەنی هەشت ساڵیدا دایکی مردوە و لەتەمەنی نۆ ساڵیدا باوكیشی.كۆچی دوایی كردوە، بۆیە دوای ئەم ڕوداوانە (عوسمان بەگی) مامی ئەركی سەرپەرشتیكردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی(گەلاویژ، 1945: 1)، (ساڵح زەكی) برایەكی لەخۆی بچوكتری هەبوە بەناوی (داود)(ساڵح، 2025). هەر لەلایەن (عوسمان بەگی) مامیەوە لە سلێمانی دەنێردرێتە بەرخوێندن و لەساڵی (1899) خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ڕوشدیەی سەربازی سلێمانی تەواوكردوە(بابان، أ 2012: 282)، دوای ئەمەو بۆ درێژەدان بەخوێندن ڕۆیشتوە بۆ بەغداو تاوەكو ساڵی (1902) لەوێدا لەسەر خوێندن بەردەوام بوە، پاشان بە ڕەزامەندی (عوسمان بەگی) مامی چوە بۆ ئەستانبوڵ، ساڵی (1906) بەپلەی (ملازم الثانی – ئەفسەری دوەم) قوتابخانەی سەربازی تەواوكردوە(پەتی، 1992: 4)، ساڵی (1907) لە ڕیزی فەیلەقی شەشی سوپای عوسمانی لە عێراقدا وەكو ئەفسەر دەستبەكار بوە(ساڵح، 2016: 206).

لەبارەی پرۆسەی هاوسەرگیری وەك لەسەرچاوەكاندا ئاماژەی بۆكراوە (ساڵح زەكی) دوجار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، هاوسەری یەكەمی كچی (عوسمان بەگی) مامی بوە و لەم ژنەیدا دو منداڵی هەبوە كچ و كوڕێك بەناوەكانی (ڕەحمە و یونس)، بەڵام ئەم ژنەی بەر لەجەنگی یەكەمی جیهانی(1914-1918)، كۆچی دوایكردوە، پاشان ناوبراو ژنێكی دیكەی بەڕەگەز ئەرمەنی لە دیاربەكر بەناوی (فەهیمە میخائیل) هێناوەو بوە بە موسڵمان، لەم ژنەشیدا شەش كوڕی هەبوە بەناوەكانی (سەلاحەددین، ئەمیر، شامیل، تاریق، تەیمور، عیماد)، هاوكات سێ كچیشی هەبوە بەناوەكانی (عالیە، سوعاد، نەسرین)، لەڕاستیدا بێجگە لە (نەسرین)ی كچی، كە چۆتە تەمەنەوە و ئێستا لە ئەڵمانیادا دەژیت، منداڵەكانی دیكەی (ساڵح زەكی) لەسەردەم و كاتی جیاوازدا كۆچی دواییان كردوە و لە ژیاندا نەماون (ساڵح، 2025).

وەك دەردەكەوێت (ساڵح زەكی بەگی ساحێبقران)، لەپاڵ ڕۆڵی گرنگی لەبواری سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیریدا، كە لە تەوەرەكانی داهاتودا بەفراوانی تیشكی دەخەینەسەر، لەماوەی تەمەنیدا چەندین پۆستی ئیداری و كارگێڕی وەرگرتوەو وەك باسكراوە شێوازی كاركردنی لەپۆستە ئیداری و كارگێڕییەكان وەكو كەسایەتییەكی میانڕەو و لەسەرەخۆ دەركەوتوەو دوربوە لە ڕەفتاری توندوتیژی (ساڵح: 2025)، لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەكورتی ئاماژە بەكارە ئیدارییەكانی ناوبراو بدەین و بیانخەینەڕو، دەستپێكی كارە ئیدارییەكانی وەرگرتنی پۆستی قائیمقامی (ئاكرێ) بوە، كە لە (ئاداری 1922) لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بۆ ئەم پۆستە دەستنیشانكراوە(شارەزا، 1998: 12)، ساڵی (1926) پۆستی بەڕێوبەری ناحیەی (قەزانییە)ی پێدراوە و لە (15ی حوزەیرانی1927) بەهەمان پیشەی بەڕێوبەر گواستراوەتەوە بۆ ناحیەی (شارەبان – شەهربان)ی سەربە پارێزگای دیالە، دوای ئەوەی ئەم ناحیەیە كراوە بە قەزا ناوبراو وەكو قائیمقامی ئەوێ دەستبەكاربوە، دوای ئەمە پۆستی قائیمقامی هەریەك لە قەزاكانی(عەفەك و چەمچەماڵ)ی گرتۆتە ئەستۆ، ئینجا لەساڵی (1931) پۆستی یاریدەدەری یەكەمی بەڕێوبەری ناوخۆی عێراق لەئەستۆگرتوە و تاوەكو ساڵی (1933) لەو پۆستەدا ماوەتەوە، لە (15ی نیسان)ی هەمان ساڵ وەك قائیمقامی قەزای كۆیە دەستبەكاربوە(ساڵح، 2001: 72)، بەمەش ناوبراو ئەوماوەیەی قائیمقامی ئەوێ بوە چەندین كاری گرنگی لەو شارە ئەنجامداوە لە نمونەشیان وەك: (دروستكردنی پرۆژەی ئاو ڕێگاوبان و قوتابخانە)(حویزی، 1984: 207-208؛ موكریانی، 1989: 42، 45).

جێگەی باسە ساڵی (1934) وەك قائیمقامی قەزای ئامێدی دەستبەکاربوە، بەهەمان شێوە لەم پۆستەشدا بۆماوەیەکی زۆر نامێنێتەوەو بۆیەکەمجار پۆســتی پارێزگار وەردەگرێت(پەتی، 1992: 4)، کە لە (1935/5/1) بوە بە پارێزگاری ســلێمانی تاوەکو (1936/7/12) لەم پۆســتەدا بەردەوام بوە(ژین، ژ1395، 29ئایاری 1958: 8)، پاشــان لەمانگی تەموزی هەمان ســاڵدا کراوە بە پارێزگاری دیالە(شــارەزا، 1998: 12)، بەڵام ناوبراو لەم پۆسـتەشـدا زۆر نامێنێتەوە و دوای کەمتر لەچەند مانگێك، لە کۆتایی ساڵی (1936) تاوەکو ساڵی (1939) وەك سەرۆکی (یەکلاکردنەوەی) کێشەی زەویوزاری هەریەك لە شــارەکانی(کەرکوك، موســڵ، (اعظمە – بەغدا)، کوت و دیوانیە) دەســتنیشــاندەکرێت، ســاڵی (1939) پاش دو مانگ لەدەســتهەڵگرتنی لەم پۆســتە (بەسری، 2002: 177)، بۆ جارێکی دیکە پۆســتی پارێزگاری وەرگرتوە و لە (27ی نیسان)ی هەمان ساڵ کراوە بەپارێزگاری هەولێر(مجموعة من استاذة الجامعة، 2012: 180).

هەرچەندە بەشــێك لەســەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە (ســاڵح زەکی) لە (ئایاری 1940)دەســتی لە پۆســتی پارێزگاری هەولێر کێشــاوەتەوە و خانەنشــین بوە(پەتی، 1992: 4؛ ســاڵح، 2001: 72)، بەڵام پێدەچێت ئەمە هەڵەی چاپبێت ئەگەرنا ئەم بۆچونە هەڵەیە، چونکە ناوبراو تاوەکو (24 ئایاری 1941) لەو پۆســتەدا ماوەتەوە(مجموعة من اســتاذة الجامعة، 2012: 180)، پاشــان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خانەنشــینکراوە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی (ئایاری 1941) لە کاتی ڕاپەڕینی (ڕەشـید عالی گەیلانی)دا، هەولێر خۆپیشـاندانێکی دژی بەریتانییەکان بەخۆوە بینیوە کە لەداهاتودا باسی دەکەین(سـاڵح زەکی) هیچ هەڵوێسـتێکی توندی بەرامبەرخۆپیشـاندەران نەبوە، بۆیە حکومەتی عێراق لەبری دەســتخۆشی و پاداشــتکردنی بڕیاری خانەنشــینبونی بۆ دەرکردوە (شــارەزا، 1998: 12)، هەڵبەتە لە (پایزی 1942) لە بەغدا پۆستی (مفتیش اداري – پشکێنەری بەڕێوەبردن)ی پێدراوە و لەم پۆستەیدا ماوەتەوە(ساڵح، 2001: 72)، تاوەکو بەهۆی نەخۆشی برینی گەدە(ســاڵح، 2025)، لە (13ی کانونی یەکەمی 1944) لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە و زۆر بەڕێزەوە لە گۆڕستانی (ئەعزەمیە) بەخاك سپێردراوە(گەلاوێژ، 1945: 3).

بەرزبونەوەی پلەی (ســاڵح زەکی) لە قائیمقام بۆ پارێزگار و زوزو گواســتنەوەی لە شــارێك بۆ شــارێکی دیکەو گۆڕینی پلەکەی بەم خێراییە و پێدانی پۆســتی جیاجیا و دوای خانەنشــینبونیش گەڕانەوەی ناوبراو بۆســەر پۆســتی ئیداری و کارگێڕی، دەرخەرو ســەلمێنەری ئەو ڕاســتییەن، کە نـاوبراو کەســێکی خوێنـدەوارو زیرەك و لێهـاتو بوە لە بواری بەڕێوەبردنـداو لەم بوارەدا حکومەتی تـازە دامەزراوی عێراق پێویســتی زۆریـان پێیبوە. لەلایەکی دیکە بەهۆی بەشـدارییکردنی لەبزوتنەوی کورددا، بیری نەتەوەیی لای (سـاڵح زەکی) زیادیکردبو، بۆیە حکومەتی عێراق لەم ڕێگەیەوە هەوڵیداوە لە کوردستان دوریبخاتەوە(مەزهەر، 1974: 183).

### تەوەرەی دوەم: ڕۆڵی سەربازیی ساڵح زەکی بەگ و هەڵوێستی سیاسی

(سـاڵح زەکی) نزیکەی چواردە سـاڵ (1907 – 1921) لە سـوپای عوسـمانییدا خزمەتی سـەربازی کردوە و دو سـاڵیش لەحکومەتی دوەمی شـێخ مەحمود لە سـلێمانی کاری سـەربازی ئەنجامداوە، لەم ماوەیەشـدا لەچەندین شـەڕ و ڕوداوی

سەربازی بەشداریكردوە، سەرەتای كارە سەربازییەكانیش لە ساڵی (1907) دەستپێدەكات، كاتێك وەك ئەفسەرێك پەیوەندی بەڕیزەكانی فەیلەقی شەشی سوپای عوسمانی لە عێراقدا كردوە(بەسری، 2002: 177).

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهانیش (ساڵح زەكی) بەو پێیەی لە سوپای عوسمانییدا ئەفسەر بوە، بەشداری بەشێك لە شەڕەكانی كردوە، یەكەمین شەڕیش كە ناوبراو تێدا بەشداریكردوە، شەڕی (شوعەیبە[2])ی نێوان سوپای عوسمانی و لەشكری بەریتانییەكان بو، كە لە (12 ی نیسانی1915) لە نزیك شاری بەسرە ڕویداوە تێدا بریندار بوە (ساڵح، 2001: 71)، پاشان پلەی سەربازی بۆ (مقدەم) بەرزبۆتەوە(الصويركي، 2006: 359).

لەڕاستیدا هیچ زانیارییەكی دیكە لەسەر ئەو ڕوداوانە بەردەست نییە، كە (ساڵح زەكی) لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهانی تێدا بەشداربوە، بەڵام وەك دەردەكەوێت دوای كۆتاییهاتنی جەنگەكە هەر لە توركیا ماوەتەوە، ئەوەتا لە ساڵی (1921) سەرۆكی كارگێڕی هەوالگری فەیلەقی سەربازی بوە لە دیاربەكر(ساڵح، 2001: 71)، ئەمەش لەكاتێكدا بوە كە بزوتنەوەی كەمالییەكان لە هەوڵی ئەوەدابونە، بەشێك لە ئەفسەرانی كورد بنێرنەوە باشوری كوردستان بۆ خزمەت سیاسەتەكانی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاریان بۆ هەریەك لە (ساڵح زەكی) و یەكێك لە هاوڕێكانی بەناوی (عەلی كەمال بەگ[3]) كردوە، بچنە ناوچەی ڕواندوز بۆ دژایەتیكردنی بەریتانییەكان هانی خەڵك بدەن، بەڵام دوای ڕەتكردنەوەی ئەم داواكارییە لەلایەن ناوبراوانەوە و جێبەجێنەبونی ئەم پیلانەی توركەكان(هاوار، 1991: 167-169)، (ساڵح زەكی) ڕیزەكانی سوپای عوسمانی جێهێشتوە و بەخۆی و خێزانەكەیەوە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق(بابان، أ 2012: 282).

پێدەچێت ڕەتكردنەوەی ئەم داواكارییەی توركەكان لەلایەن (ساڵح زەكی) و (عەلی كەمال)ی هاوڕێی، بەهۆی ئەوەوە بوبێت، كە پێیان وابوە ئەم پیلانە تەنیا لە چوارچێوەی خزمەتكردن بەسیاسەتی بزاڤی كەمالییەكان خۆیبینیوەتەوە و هیچ خزمەتێك بەكورد ناگەیەنێت، بێجگە لە دروستبونی ئاشوب و ماڵوێرانی زیاتر بۆ ناوچەكانی كوردستانی باشور بەگشتی و ناوچەی ڕواندوز بەتایبەتی، چونكە لەم قۆناغەدا بەریتانییەكان خاوەن پێگەو دەسەڵاتی سەربازی بەهێز بونە لەناوچەكەدا.ئەمەش بە هەڵوێستێكی گرنگ لە دۆزی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت، كە بەشێك لەسەرچاوەكان گەواهیدەر و پاڵپشتی ئەم بۆچونەن(هاوار، 1991: 167-169؛ كاكەسور، 2000: 47).

وەك ئاماژەی بۆكرا (ساڵح زەكی) لە ساڵی (1921) گەڕایەوە عێراق (باشوری كوردستان)، دوای گەڕانەوەی بەماوەیەكی كەم بەدیاریكراوی لە (ئاداری 1922) لەلایەن حكومەتی عێراقی وەك قائیمقامی قەزای ئاكرێ دەستنیشانكراوە(شارەزا، 1998: 12)، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانكارییە سیاسی و سەربازییانەی لە عێراق و باشوری كوردستان ڕویانداوە بۆماوەیەكی كەم لەم پۆستەی ماوەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی بەریتانییەكان بۆ لاوازكردنی دەسەڵاتی كەمالییەكان لە باشوری كوردستان (شێخ مەحمود)یان لە هندستانەوە گەڕاندەوە(هاوار، 1991: 4-5)، دوای ئەمەش بەشێك لە ئەفسەرانی كورد، كە (ساڵح زەكی) یەكێك بو لەوانە پەیوەندی پێوەكرد(كاكەسور، 2000: 49)، لە دوەمین حوكمەتی (شێخ مەحمود)، بەپلەی (قوماندانی عەسكەری- فەرماندەی سەربازی كوردستان) بەشداربو (ساڵح، 58:2006). لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەشی وەكو هەڵوێستێكی كوردانە ئەژماردەكرێت، لەبەرئەوەی كەمن ئەو كەسایەتییە سیاسی و سەربازییانەی پۆستی كارگێڕی باڵاو بەرژەوەندی كەسی وازلێبێنن و پەیوەندی بە خزمەتكردنی دۆزی نەتەوەكەیان بكەن، ئەمەش نیشانەیەكی دیاری نەتەوە پەروەریی ناوبراو بوە كە وەكو بیروباوەڕی خۆیی كاری لەسەركردوە.

سەبارەت بە چۆنیەتی دەستهەڵگرتنی (ساڵح زەکی) لە پۆستی قائیمقامی قەزای ئاکرێ و هاتنی بۆ سلێمانی، مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە ناوبراو بەبێ ڕێگەپێدانی حکومەتی عێراق ئاکرێی بەجێهێشتوە و بۆ خزمەتی کوردستان هاتۆتە سلێمانی(1957: 524)، هەروەها ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لە ژمارە (1)یداو لەبابەتێکدا لەژێرناونیشانی (تشریف) نوسیویەتی: ((جناب صالح زکی بك کە یەکێکە لە اذکیا و وطن پروران کورد لموپیش لە عقرە قائیمقام مانکی بوە محضا بو خذمت وطن و ملت استعفای کردوەو هفتەیك لەموپیش تشریفی هیناوەتە سلیمانی بەخیرهاتنی دەکین))(15 تشرینی دوەمی1922: 3)، هاوکات لە ژمارە (3)یدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە ساڵح زەکی سوپاس نامەیەکی بەمشێوەیە نوسیوە: ((لەمیژا (دمی بو) لە وطن و قوم و برادران عزیزم دورو مهجوربوم. شکرخوا ناتوانم بجی بینم کە من لم روژە پیروزە سربخوبی قوم کوردە وا هینایەوە سلیمانی...))(روژ کوردستان، ژ3، 6 کانونی یەکەم1922: 4). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە (ساڵح زەکی) یەکێك بوە لەو ئەفسەرانەی هەر لەسەرەتای پەیوەندییکردنی بە (شێخ مەحمود)، ڕوەکی جوانی بەجوڵانەوە و حکومەتەکەی ناوبراو بەخشییەو دروستکردن و پێکهێنانی لەشکرێکی ڕێکخراوەیی و نیشتیمانی لەهەوڵ و ئامانجەکانی ناوبراو بوە(ساڵح، 2016: 206).

وەك دەردەکەوێت هەوڵ و هەنگاوەکانی (ساڵح زەکی) درێژەی نەکێشاو جێگای خۆی نەگرت، ئەمەش دوای ئەو ڕوداو گۆڕانکارییانەی پاش ماوەیەکی کەم لەگەڕانەوەی شێخ مەحمود ڕویانداو دۆخێکی ئاڵۆزی هێنایە کایەوە[4]تاوەکو بەریتانییەکان لەمانگی (شوباتی 1923) بەمەبەستی گفتوگۆو دانوستان داوایان لە (شێخ مەحمود) کرد بچێتە بەغداد، بەڵام ناوبراو داواکەی ڕەتکردەوە(ساڵح، 2010: 164)، کاتێك ئەم هەوڵە سەرنەگرێت، بەریتانییەکان لە (1923/3/3)دا بە فڕۆکەی سەربازی بۆردومانی سلێمانی یان کرد(کۆچێرا، 2006: 82)، ڕۆژی (4)ی هەمان مانگ (شێخ مەحمود) بەرەو ناوچەی سورداش، سلێمانی چۆڵکردوە(هاوار، 1991: 501)، تاوەکو مانگی (ئایاری 1923) لەوێدا ماوەتەوە(ساڵح، 2010: 164).

لەو ماوەیەدا، هەریەك لەناوچەکانی (جاسەنە، قەمچوغە و گوندەکانی تاوەکو دوکان و ئەشکەوتی جاسەنە)، بون بەبارەگای هێزەکەی شێخ مەحمود(خواجە، 2016: 174)، لەژێر سەرکردایەتی فەرماندەی سەربازی کوردستان (ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان)دا (کۆچێرا، 2006: 83)، بەمەش سەرباری ئەوەی بەردەوام لەلایەن فڕۆکە سەربازییەکانی بەریتانیاوە بۆردومانی ناوچەکە کراوە(خواجە، 2016: 174)، لەهەمانکاتدا عەشیرەتەکانی ناوچەکە وەکو پێویست پاڵپشتی و پشتیوانییان لە هێزەکەی نەکردوە(ئیدمۆندس، ب.س: 399)، لەم بارەیەوە (ساڵح زەکی) لە ڕاپۆرتێکدا، کە بۆ (شێخ مەحمود)ی نوسیوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە: ((دوژمن جێگا گرنگەکانی دەربەندی گرتوە، منیش فەرمانم دا، کە هێزی پیادەو سوارە شەڕی بەرامبەری نەکەن و بکشێنەوە، ئەو عەشایەرانەی کە لەوێ بون، هەمو دزۆیان لەگەڵدا کردوین، بەبێ شەڕ ڕێگاکەیان بۆ دوژمن چۆڵکرد، دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە، بەرەو دۆڵی سورداش هات. لەبەرئەوە بارەگای لەشکرمان گواستەوە بۆ هەڵەدەن...))(مەعروف، 1995: 119).

لەلایەکی دیکەو هەر لەوماوەیەدا (شێخ مەحمود) لەهەوڵدا بوە بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەی (پشدەر)دا، بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی (شەش سەد) کەسی لەژێر سەرکردایەتی (ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان)دا ئامادەکردوە، هەرچەندە لەم هەوڵەیدا سەرکەوتو نەبوە، کەچی شەڕو ململانێکانی لەگەڵ هێزەکانی بەریتانییەکان بەردەوامییان هەبوە، کاتێکیش بەریتانییەکان لە (22 نیسانی 1923) بەسەر کەمالییەکان سەردەکەون و لە ڕواندوز پاشەکشەیان پێدەکەن، دەگەنە

ئەو باوڕەی کە ئاسایش و ئارامی لەناوچەکەدا بەرپانابێت تاوەکو شێخ مەحمود لەسەر شانۆی ڕەوتی ڕوداوەکاندابێت، هەربۆیە پێیان باشبوە دانوستان و ڕێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامبدرێت(هاوار، 1991: 502-503).

هەرچۆنێك بێت (عەلی کەمال) کە ئەوکاتە (معاون – یاریدەدەر)ی بەڕێوبەری پۆلیسی کۆیە بوە(سجادی، 1943: 4)، بەمەبەستی دانوستان و ڕێککەوتن کەوتۆتە نێوەدگیری لەنێوان شێخ مەحمود و بەریتانییەکان و نامەیەکی ئاراستەی (ساڵح زەکی) هاوڕێی کۆنی کردوە، ناوبراویش بەهۆی دۆخی خراپی هێزەکانیان ئامادەی گفتوگۆو دانوستانی لەگەڵ بەریتانییەکان نیشانداوە، بەمەش هەوڵە سیاسی و دبلۆماسییەکانی (ساڵح زەکی) لێرەوە دەستپێکردوە و سەرئەنجام لەگوندی (خەرابە[4])، چاوپێکەوتن و دانوستان لەنێوان ناوبراو (عەلی کەمال) ئەنجامدراوە(بابان، 2001: 10-13)، کە لەم کۆبونەوەیەدا (عەلی کەمال) داوای لە (ساڵح زەکی) کردوە بەهەر شێوەیەك بێت، (شێخ مەحمود) ڕازیبکات تاوەکو بەمەبەستی گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ بەریتانییەکان سەردانی بەغدا بکات، بەڵام وەك دیارە (شێخ مەحمود) ئەم داوایەی ڕەتکردۆتەوە و تەنیا لەسەر ئەوە ڕازی بوە، کە لە جێگەی خۆیدا (ساڵح زەکی) فەرماندەی سەربازی بنێرێت و دەسەڵاتی بۆ هەرجۆرە دانوستان و ڕێکەوتنێك پێداوە(سەجادی، 1996: 72)، بەمەش(ساڵح زەکی) بە ئاگاداری (شێخ مەحمود) و لە ڕێگەی (عەلی کەمال)ەوە بە ئامانجی بینینی کاربەدەستانی بەریتانیا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان شێخ مەحمود و بەریتانییەکان ڕێگەی بەغدای گرتۆتەبەر(ساڵح، 2016: 207).

هەرچەندە بەشێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە (ساڵح زەکی) لەسەرەتای ساڵی (1926)دا سەردانی بەغدای کردوە(سەجادی، 1996: 72؛ بابان، ب 2012: 448)، بەڵام وەکو دەردەکەوێت ئەم بۆچونە هەڵەیە، ڕاستر ئەوەیە کە ناوبراو لە (10 ئایاری1923)دا (ساڵح، 2006: 148)، دوای سێ ڕۆژ لە کۆبونەوەکەی گوندی خەرابە، بەمەبەستی دوبارە بینینی (عەلی کەمال) سەردانی کۆیەی کردوە و دواتر و بەفرۆکەیەکی تایبەتی بەریتانییەکان بۆ بەغدا چوە و دوای چەند ڕۆژێکی کەم گەڕاوەتەوە(بابان، 2001: 13).

وەك باسکراوە ئەم هەوڵە سیاسیانەی (ساڵح زەکی) و (عەلی کەمال) هاوڕێی شتێکی ئەوتۆی لێ بەرهەمنەهاتوە و خواستەکانی (شێخ مەحمود)ی بەدینەهێناوە(خواجە، 2016: 204)، تەنیا ئەوە نەبێت، کە نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق نامەیەکی بە (ساڵح زەکی) بۆ (شێخ مەحمود) ناردوە و تێیدا داوای لێکردوە بچێتە بەغداو لەوێدا نیشتەجێبێت لەبەرامبەردا هەمو موڵکەکانی دەدەنەوە، بەڵام (شێخ مەحمود) ئەم داواکارییەی ڕەتکردۆتەوە(ساڵح، 2016: 207)، بۆیە سەرباری ئەوەی (عەلی کەمال)ی بەناپاك و (ساڵح زەکی) بەوە تۆمەتبار کردوە کە بەنهێنی لەگەڵ بەریتانییەکان ڕێککەوتون(سجادی، 1943: 5)، لەهەمانکاتدا لە (ئایاری 1923) (ساڵح زەکی) لەپۆستەکەیدا دورخستۆتەوەو کەسێکی دیکەی بەناوی (ڕەزا بەگ[5]) وەکو فەرماندەی سەربازیی کوردستان دەستنیشانکردوە و تەنانەت (ساڵح زەکی) دەستبەسەرکردوە و خستۆتیە زیندان و تاوەکو لەکۆتاییەکانی مانگی (کانونی یەکەمی 1923)دا بەکەفالەتی شەش مانگ خستنە ژێرچاودێری ئازادی کردوە، وەك دەردەکەوێت (ساڵح زەکی) هۆکاری ئەم بەندکردنەی خۆی لە هیچ شوێنێك و بۆنەیەکدا باسنەکردوە و نەینوسیوە(ساڵح، 2011: 124).

هەرچەندە لەوکاتەدا (شێخ مەحمود) ناکۆکی قوڵی لەسەر شێوازی بەڕێوەبردن لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ئەفسەرو ڕۆشنبیرەکان هەبوە و لەخۆی دورخستونەتەوە، بەڵام پێدەچێت هۆکارێکی دیکەی دەستگیرکردن و دورخستنەوەی (ساڵح زەکی) بۆ ئەوە گەڕابێتەوە کە کەسێکی دڵسۆزو لێهاتوبوە و بەهۆی چاوتێبڕین لە پێگەو پۆستەکەی وای لە

کەسـانێك کردوە بکەونە دژایەتیکردنی، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی وەك باسـکراوە لەگەڵ ڕۆیشـتنی (سـاڵح زەکی) بۆ بەغدا (شـێخ مەحمود) هەمو ئەو (ئەفسـەرانە[6])ی کە هاو بۆچونی (سـاڵح زەکی) بون دەسـتگیریکردون و خسـتۆتیە زیندانەوە (بابان، 2001: 13)، چونکە ناوبراو سەرباری ئەوەی دڵسۆزی (شێخ مەحمود) و جوڵانەوەکەی بوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێك لەو ئەفسەرانەی، کە لەدەوری (شێخ مەحمود) بون دژی (ساڵح زەکی) بون و دەستێکی باڵایان لە هاندانی (شـێخ مەحمود) هەبوە، بەهۆکاری ئەوەی کە (سـاڵح زەکی) سـەر بە بەریتانییەکانەو پەیوەندی لەگەڵیاندا هەیە(هاوار، 1991: 523).

بەمشـێوەیەو دوای ئەو ڕوداوە (سـاڵح زەکی) لەکایەی سـیاسی و سـەربازی دورکەوتۆتەوە، بۆیە لەم بوارەدا کەمتر لەسەرچاوەکاندا ناوی هاتوەو زیاتر پەرەی بە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری بوە و پۆستی کارگێڕی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێدراوە، کە لەتەوەرەی داهاتودا دەیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی ساڵح زەکی بەگ لە بواری ڕۆشنبیریدا:**

لەپاڵ ڕۆڵی لەبواری سـیاسی و سـەربازیدا(سـاڵح زەکی)، ڕۆڵی گرنگی لەبواری ڕۆشـنبیریدا بینیوە و بنەما و تایبەتمەندییەکانی کارکردنی ناوبراو لەبواری ڕۆشـنبیرییدا زیاتر خۆی لە (ڕاگەیاندن و گرنگیدان بەخوێندن) بینیوەتەوە، هەربۆیە دوای ئەوەی ساڵی (1924) لەسـەر پێشـنیاری حکومەتی عێراق گەڕاوەتەوە شـاری بەغداد(گەلاویژ، 1945: 2)، دەستی داوەتە کاری ڕۆژنامەگەری و بۆ ئەم مەبەستەو لە ساڵی (1925)گۆڤارێکی وێژەیی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وێنەداری (جەباری، 1970: 88)، بەهەر سێ زمانی(کوردی، عەرەبی، تورکی)، بەناوی (دیاری کوردسـتان – هدیة کوردستان) دەرکردوە، یەکەم ژمارەی لە (11 ئاداری1925)دا دەرچوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).)(دیاری کوردستان، ژ1، 11 مارتی1925: 1)، هاوکات دوا ین ژمارەی، کە ژمارە(16) بوە لە (11 ئایاری 1926)دا دەرچوە(بڕوانە پاشـکۆی ژمارە (2).وەك دەردەکەوێت ناوبراو هەرخۆی خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری بوە(دیاری کوردستان، ژ16، 11 مایسی1926: 1)، لەهەمانکاتدا کەسـێکی دیکە بەناوی (خەلەف شـەوقی[7])، بەتایبەت لەبەشی عەرەبی گۆڤارەکەدا هاوکارو یارمەتیدەری (ساڵح زەکی) بوە (کریم، 1985: 278، 279).

لەڕاستیدا ئامانجی (ساڵح زەکی) لە هەڵبژاردنی ناوی (دیاری کوردستان) بۆ ئەم گۆڤارە، گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو ویستویەتی لەم سۆنگەیەوە زاراوەی کوردستان ڕونتر بخاتە بەرچاو تاوەکو زاراوەی (شمال العراق) جێگەی نەگرێتەوە (سـاڵح، 2001: 60)، لەلایەکی دیکە ئەم گۆڤارە لەماوەی زیاتر لە یەك سـاڵی تەمەنیدا هەوڵیداوە کاریگەری لەسـەر هەسـت و هۆشـیاری تاکی کورد دروسـتبکات، ئەمەش لەڕێگەی گرنگییدان بەوتاری کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و یادکردنەوەی سـەرگوشـتەی ژیانی ناودارانی کورد(جەباری، 1970: 88)، هاوکات لەڕێگەی هەردوبەشی (عەرەبی و تورکی)یەکەیەوە لە هەوڵی ئاشناکردنی نەتەوەکانی دیکە بەمەسـەلەی کورد و کلتورەکەی بوە(کاکەسـور، 2000: 74). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە، کە (سـاڵح زەکی) هەوڵیداوە پێنوس بکاتە چەکی دەسـتی و ڕۆژنامەگەری کردۆتە لایەنێك و دەرەچەیەکی گرنگ تاوەکو لەڕێگەیەوە خزمەت بەنیشتیمان و نەتەوەکەی بکات.

پێویسـتە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت (سـاڵح زەکی) هەریەك لەزمانەکانی (عەرەبی، تورکی، فەڕەنسیـ و فارسی) بەباشی زانییوە(سـاڵح، 2001: 72)، هەروەها دەسـتی هۆنراوە و نوسـینی هەبوە(پەتی، 1992: 5)، هەندێکجار بەنازناوی (ئەمیر) هۆنراوەی نوسـیوەو لە گۆڤاری دیاری بڵاوکردۆتەوە، بڕوانە: (سـاڵح، 2001:)، بەمەش پێدەچێت ناوبراو

بێجگە لەزمانی کوردی بەزمانەکانی دیکە هۆنراوەی نوســیبێت بۆ نمونە بەزمانی تورکی، چونکە بەپێی بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی بنکەی ژین بێت، (ساڵح زەکی) بەزمانی تورکی هۆنراوەیەکی نوسیوەو بەم دێڕە دەستی پێکردوە: ((قسەی حەق وایە؟ لە دونیا دەستوری خۆڕاگریە.. بۆ زانیاری دەربارەی تەواوی هۆنراوەکە بەزمانی تورکی بروانە پاشکۆی ژمارە(3).

هەرچەندە لەهەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نوسراوەکانی (ساڵح زەکی)دا بوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاشماوەی نوسراوی چاپکراوی زانستی زۆر بەرچاو ناکەوێت(گەلاوێژ، 1945: 3)، چونکە نازانرێت چیان بەسەرهاتوە و منداڵ و نەوەکانی (ســاڵح زەکی) نەیانتوانییوە وەکو پێویســت پارێزگاری لە نوسراوەکانی باوکیان بکەن و لەناوچون بیان پارێزن(ساڵح، 2025:).

شایەنی باسە ڕێباز و میتۆدی (ساڵح زەکی) لە بواری ڕۆشنبیریدا بریتیبوە لە نوسین و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی هۆکانی ڕاگەیاندنەوە، کە دەرکردنی گۆڤاری دیاری کوردستان یەکێکە لەو بەڵگە زیندوانەی کاری لەسەر کردوە، هاوکات بەشێکی دیکەی کارە ڕۆشنبیرییەکانی بریتیین لەوەی، کە ناوبراو لەو ماوەیەی پۆستی کارگێڕی لەناوچەو شارە جیاجیاکانی کوردســتان و عێراق بەدەســتەوە بوە، چەندین کاری ئەنجامداوە کە خزمەتێکی گەورەی بەبواری ڕۆشــنبیری و کلتوری گەیاندوە، ئەوەتا ساڵی (1930) کاتێك قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بو، لەژێر سەرپەرشتی ناوبراودا و بەبۆنەی جەژنی نەورۆز ئاهەنگێکی گەورەو بەرفراوانی سازکردوە و هەر لەم ئاهەنگەدا لەمەڕ جەژنی نەورۆز وتارێکی خوێندۆتەوە(نوری، 1970: 87-88)، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕوداوێکی ڕۆشــنبیری و کلتوری گرنگ بوە و ئازایەتی و بەرزی ئاســتی هۆشیاری و ڕۆشنبیری (ساڵح زەکی) لە یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەدا بەدیاردەخات(کاکەسور، 2000: 79)، هاوکات بەو ئەنجامە دەگەین، کە ناوبراو شەش ساڵ بەر لە (حاجی تۆفیق) پیرەمێردی شاعیری ناسراوی کورد ئاهەنگی بۆ نەورۆز ڕێکخســتوە و قەزای چەمچەماڵی وەکو پێشــەنگی شــارەکانی کوردســتان لە یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەدا ناســاندوە (عەبدولعەزیز، 2022: 34).

شایەنی باسە خولیای (ساڵح زەکی) بۆ خوێندن و خوێندەواری و فێربون و پێشکەوتنی وڵاتەکەی لایەنێکی دیکەی کارە ڕۆشــنبیرییەکانی ناوبراو پێکدەهێنن، هەر ئەمەش پێدەچێت هۆکارێك بوبێت بۆئەوەی لە قەزای چەمچەماڵ (عالیە)ی کچی لەگەڵ کوڕان ناردۆتە بەرخوێندن(شــێخ ســەلام، 1999: 11)، هاوکات یەکێك بوە لەوکەســانەی بەبڕی (10) (ڕوپیە[8])، هاوکاری یەکێك لە خوێندنگاکانی ئەوکاتەی سلێمانی بەناوی ئامادەیی مەحمودییەی سلێمانی کردوە تاوەکو خوێنـدن تێیدا بەردەوام بێت و لەبەر خراپی باری دارایی خوێنـدن تێیدا نەوەســتێت(ڕوژ کوردســتـان، ژ12، 10 شــوباتی1923: 3)، ئەمەش ســەرباری ئەوەی لەو ماوەیەدا، کە قائیمقامی قەزای کۆیە بوە خزمەتی زۆری بەلایەنی ڕۆشــنبیریی ئەو شــارە کردوەو لەســەردەمی ناوبراودا بەدیاریکراوی ســاڵی (1933) بۆیەکەمجار بەشــێوەی فەرمی قوتابخانەی کچانی لەم قەزایەدا کردۆتەوەو تەنانەت لەهەوڵی کردنەوەی قوتابخانەی کچان لەناحیەی (تەقتەق) دابوە (حویزی، 1984: 207-208)، هاوکات هەر لەســەردەمی ناوبراودا بۆیەکەمجار قوتابخانەی شــەوان لە قەزای کۆیە کراوەتەوە و پاشان ناوەکەی گۆڕاوە بۆ قوتابخانەی کۆیسنجاق ئێواران(ئەمین، 2009: 2532-2533).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا بەو ئەنجامە دەگەین، کە (ساڵح زەکی) کەسێکی ڕۆشنبیر بوە و لەهەوڵی نەهێشــتنی نایەکســانی لەنێوان ژن و پیاودا بوە، بەمەش ناردنی کچەکەی خۆی بۆ خوێندن لەگەڵ کوڕان بەڵگەیەکی ڕون و ئاشــکراو گەواهیدەری ئەم ڕاســتییەیە، هاوتەریب کردنەوەی قوتابخانەی کچان لەشــاری کۆیە ئەوە

دەسەلمێنێت، کە (ساڵح زەکی) پەیوەندیی و دۆستایەتی لەگەڵ (مەلا محەمەد – مەلای گەورە 1876-1943)ی کۆیە زۆرباش بوە(محەمەد، 2014: 56، 228)، بۆیە پێدەچێت کەوتبێتە ژێر کاریگەری بۆچون و بیرکردنەوەکانی ناوبراو لەمەڕ ئەم بابەتە، چونکە پێشتر تەنیا لەسەر ئاستی تاکەکەسی و بۆ نمونە (مەلای گەورە) کچی خۆی لەگەڵ کوڕان لەم شـارە ناردۆتە بەر خوێندن، لەبەرئەوەی تاوەکو ئەوکاتە تەنیا قوتابخانەی کوڕانی لێبوە و ناردنی کچیان بۆ قوتابخانە بە کارێکی نەشیاو و دەرچون لە ئاینی ئیسلام لەقەڵەمداوە(ئەمین، 2009: 2532).

یەکێك لەبنەما گرنگەکانی ڕۆشـنبیری جۆری هەڵوێسـت وەرگرتنە لەکاتی ڕوداوەکان، چونکە لەم ڕێگایەوە ئاسـتی ڕۆشنبیری کەسایەتییەکانت بۆ دەردەکەوێت، کارو هەڵوێستەکانی(ساڵح زەکی) ئاماژەو پێوەرن بۆ ئاستی ڕۆشنبیری، بۆ ئەمەش جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ڕوداوێك بکەین کە ئەوکاتەی ناوبراو پارێزگاری هەولێر بوە لە سـاڵی (1941)، بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی دەرکەوێت. لەم ساڵەی ئاماژەی پێدرا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی مایس یاخود ڕەشید عالی گەیلانی، چین و توێژە جیاوازەکانی ئەم شارە ڕۆڵی دیاریان بینی لەپاڵپشتیکردن بۆ بزوتنەوەکەو هاندانی جەماوەر بۆ خۆپیشاندان دژی بەریتانییەکان[9](خضر، 2019: 201)، بەهۆی ئەوەی لەم کاتەدا بەریتانییەکانیان بە دوژمن و ئەڵمانەکانیان بە دۆسـتی خۆیان زانییوە(فیضی، 1985: 7)، بۆیە کاتێك لە ڕۆژی (14 ئایاری1941)دا فڕۆکەکانی بەریتانیا بۆیەکەمجار بەسـەر شـاری هەولێردا سـوڕاونەتەوە، خەڵکی پێیانوابوە فڕۆکەی ئەڵمانین و بەو پەڕی خۆشـحاڵییەوە پێشـوازیان لێکردون(رسـول، 2005: 177)، چونکە پێشـتر (سـاڵح زەکی) ڕایگەیاندبو، کە دو فڕۆکەی ئەڵمانی بۆ مەبەسـتی پشـتیوانی لایەنگرانی سـەردانی هەولێر دەکەن تەقەیان لێ مەکەن، بەڵام دوای ئەوەی ئەم فڕۆکانە کەوتونەتە بۆردومانکردنی فڕۆکەخانەی سـەربازی هەولێر، خۆپیشـاندەران بۆیان دەرکەوتوە، کە ئەم فڕۆکانە هی بەریتانییەکانن، نەوەکو ئەڵمانەکان(بێخاڵی، 1999: 72)، ئەمەش گیانی گڕوتینی زیاتری بە خۆپیشـاندەران بەخشـییەوە توندوتیژی بەدوای خۆیدا هێناوە(خضر، 2019: 202)، بەمەش (سـاڵح زەکی) یان بەناپاك تۆمەتبار کردوەو هێرشـیان بردۆتە سـەر بینای پارێزگاری هەولێر و ئۆتۆمبێلی ناوبراویان لەبەردەم بینای پارێزگار ئاگرتێبەرداوە(دزەیی: 1990: 127-128)، تەنانەت لە هەوڵی کوشتنی خۆیی و ماڵ و منداڵیشیدا بون(بێخاڵی، 1999: 73- 74).

هەرچەندە لەم کاتەدا دەرکردنی فەرمان بۆ لێدانی خۆپیشـاندەران لەدەسـەڵاتی (سـاڵح زەکی) بوە، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە چەك بەڕوی خۆپیشـاندەراندا بەرزبکرێتەوەو ڕژانی خوێنی یەك کەسی لە لەسـوتانی ئۆتۆمبێل وگیانی خۆیی و ماڵ و منداڵی بەلاوە گرنگتربوە، دواجار ئەم هەڵوێسـتەی هۆکار بوە تاوەکو لەپۆسـتەکەی دوربیخەنەوە(عەزیز، 2009: 1638).

ئەمەش ئاسـتی بەرزی ڕۆشـنبیری و ناسـیۆنالیسـتی (سـاڵح زەکی)مان بۆ بەدیاردەخات و پێدەچێت هەر ئەم جۆرە هەڵوێستانەی وایلێکردبێت پایەکی بەرزی کۆمەڵایەتی لەناو دۆست و ناسیاو ڕۆشـنبیران بۆ خۆی دروسبکات و دوای مردنی لە سـاڵی (1944) دا زۆر شـاعیرو نوسـەر لەبارەیەوە نوسـیویانەو هۆنراوەیان بەسـەردا وتوە، لەنمونەشـیان (پیرەمێرد)ی شاعیر لە ژمارە (769) ی ڕۆژنامەی ژین نوسیویەتی: ((شیوەن و ماتەم، شیوەنێکی واکە بە هیچ نەشیدەو گریانێك داخی خۆش نابێتەوەو کوڵی گریان نانیشێتەوە، ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕان ڕۆیی کۆچی کرد، هەوارگەی خێڵی سلێمانی وێران بو...))(28 کانونی یەکەمی1944).

هاوكات مامۆســتا تۆفيق وەهبی(1891- 1984)، لەوتارێكدا لە ژێر ناونيشــانی (لە اينيی پاســينی ســاڵح زەكی بەگدا)، ئاماژەی بە ڕۆشـنبيری و دڵسـۆزی و وڵات پارێزی ناوبراو كردوە و پێيوايە ناوبراو لە پێناو وڵاتەكەيدا بەرگەی زۆر ئازارو نارەحەتی گرتوە(1945: 390-392). بێجگە لەمەو هەر بەم بۆنيەوە شاعيری ناسراوی كورد، ئەسيری(1895- 1962) هۆنراوەيەكی لەژێر ناونيشانی(شين بۆ ساڵح زەكی بەگ) نوسيوەو دەڵێت:

... نەبو كورتيت لەكاری چاكە بۆ گەل

نەشتكرد هيچ دريخی نان و خوانت

((لەغفرن)) هاتە دەرتأريخی چونت

لەبوباغی بەهشت جی گيرومانت(اثيری، 1945: 40-41).

## ئەنجام:

- دەركەوتنی (ســاڵح زەكی) وەك كەســايەتييەكی ناودار لەچەندين بواردا گەڕاوەتەوە بۆئەوەی، كە ئاســتی بنەماڵەكەی لەڕوی ئابوری و كۆمەڵايەتی، ڕێگاخۆشــكەربوە تاوەكو جياواز لەزۆربەی هاوتەمەنەكانی ژيان بكات و ئامانجەكانی بهێنێتەدی.

- زۆربەی ئەوانەی دەگەن بەپلەو پۆســـتی باڵا ئەوەندەی ڕەچاوی بەرژەوەندييەكانی خۆيان دەكەن كەمتر لەخزمەتی گشتييدا دەبن، ئەوەی گرنگ بو لە كەسايەتی (ساڵح زەكی)، ناوبراو ئەو پۆست و پلەيەی وەريدەگرت بۆ خزمەتكردن و كاری باش بەكاری دەهێنا، هەوڵی بەدەســـتهێنانی ڕەزامەندی خەڵكی لە لاگرنگ بو بۆيە لە چەندين هەڵوێســـت، كە ڕوبەڕوی بۆتەوە دژی ويستی خەڵك نەوەستاوە.

- لەبواری سـياسی (سـاڵح زەكی) ئامانجی گەيشـتنی نەتەوەكەی بوە بە مافەكانی، لەم پێناوەشـدا چەندين هەڵوێسـتی دياری هەبوە، كە كاريگەری گەورەی لەســەر بيروباوەڕی خەڵك دروســتكردوە، بۆ نمونە ناوبراو يەكەم كەس بوە يادی جەژنی نەورۆزی بەشێوەيەكی فەرمی كردۆتەوە.

- هەرچەندە (ساڵح زەكی) سەرەتا وەكو كەسايەتييەكی سەربازی دەركەوت، كە لەڕێگای خوێندنی سەربازييەوە هاتە ناو گۆڕەپـانی كـاركردن، بەڵام بەهۆی ئەو ژينگەيەی لەدوای گەڕانەوەی بۆ كوردســـتـان و عێراق هـاتەكـايەوە، زيـاتر كەســـايەتييەكی كارگێڕی و ڕۆشـــنبيری لێدەركەوت، نەوەك ســـەربازی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕايەوە كە لەم قۆناغەدا كەسانی خوێندەوار ڕێژەيان زۆر كەمبو.

- ســەرباری ســەرقاڵبونی (ســاڵح زەكی) لە ژيانيدا بەبوارەكانی كارگێڕی و ســەربازی، كەچی لەگەڵ ئەوەشــدا هەنگاوی بەرچاوی لە بواری ڕۆشـــنبيرييدا ناوەو خزمەتێكی زۆری ئەم بوارەی كردوە، چی لە ڕێگای دەركردنی گۆڤاربێت ياخود بڵاوكردنەوەی خوێندن و خوێندەواری.

## سەرچاوەكان:

ئیدمۆندس، سیسیل جۆن، (ب.س)، کورد تورك عەرەب، ورگێڕانی: حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

حلمی، رفیق، (1957)، یاداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شیخ محمود، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

حویزی، طاهرأحمد، (1984)، مێژوی کۆیە، بەرگی دوەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی نمیر، بەغدا.

خواجە، ئەحمەد، (2016)، چیم دی، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپی سێیەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

شێخ سەلام، ناهیدە، (1999)، ئەوەی لەبیرمە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر.

محەمەد، مەسعود، (2014)، گەشتی ژیانم، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەعروف، کەمال نوری، (1995)، یاداشتەکانی شێخ (لەتیف) ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، بێ دەزگای چاپ، بێ شوێنی چاپ.

ئەمین، هوشیار محەمەد، (2009)، قوتابخانەی شەوانە لە کۆیە، ئینسیکلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)، شارستانی- کۆمەڵایەتی، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.

عەزیز، نەژاد عەبدوڵڵا، (2009)، خۆپیشاندانی 1941 لە هەولێر، ئینسیکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل)، مێژوی هاوچەرخ، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.

بابان، جەمال، (ب 2012)، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، چاپی دوەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

بەسری، میر، (2002)، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدول خالق عەلائەدین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

جەباری، عبدالجبار محمد، (1970)، مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی شارەوانی کەرکوك، کەرکوك.

حەمەبۆر، محەمەد مستەفا، (2010)، دیوانی کوردی مستەفا بەگی "کوردی" ی ساحێبقران، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ساڵح، صدیق، (2006)، حکومەتی کوردستان (1918-1924)، چاپی دوەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سەجادی، عەلائەدین، (1996)، مێژوی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دوەم، چاپخانەی تاران، بێ شوێنی چاپ.

کاکەسور، محەمەدعەبدوڵڵا، (2000)، ڕۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشوردا(1921-1945)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر.

کۆچێرا، کرێس، (2006)، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حەمە کریم عارف، چاپی سێیەم، کتێبخانەی سۆران بە هاوکاری کتێبخانەی ئاوێر چاپکراوە، هەولێر.

مەزهەر، کەمال، (2001)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی گەلی کورد، بەرگی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

هاوار، م.ر، (1991)، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دوهەم، چاپ کراوە لەلایەن: بلاك روز، لەندەن- بەریتانیا.

بابان، جمال، (2001)، مذکرات علي کمال عبدالرحمن 1900-1998، شرکة الخنساء للطباعة، بغداد.

بابان، جمال، (أ 2012)، اعلام الکرد، الطبعة الثانیة، مطبعة آراس، اربیل.

رسول، إسماعیل شکر، (2005)، أربیل دراسة تأریخیة في دورها الفکري والسیاسي 1939-1958، المطبعة بینایي، لسلیمانیة.

الصويركي، محمد علي، (2006)، معجم أعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان و خارجها، مطبعة مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السليمانية.

مجموعة من استاذة الجامعة، (2012)، أربيل – دراسة تاريخية، مطبعة اراس، أربيل.

حويز، همزە عثمان، (2023)، ڕوداوە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا 1920-1922، نامەی ماستەر- بڵاونەکراوە، فاکەڵتی پەروەردە – بەشی مێژو، زانکۆی کۆیە.

خضر، فتاح بهرام، (2019)، بارودۆخی ئابوری شاری هەولێر لەسەردەمی پاشایەتیدا(1921-1958)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

اثیری، (1945)، شین بو صالح زکی بەگ، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی شەشەم- بەشی یەکەم، ساڵی شەشەم، ژمارە (4)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بێخاڵی، مەولود، (1999)، بزوتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغداو هەرایەکەی شێخ حەسەن ئەفەندی لەشاری هەولێردا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(2)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

پەتی، عومەر ئیبراهیم، (1992)، لەیادی ڕۆشنبیری کورد ((ساڵح زەکی بەگی)) ساحێبقران دا، گۆڤاری کاروان، ساڵی دەیەم، ژمارە (93)، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

حەریری، عەزیز، (1985)، نەمری بۆ گیانی پاکی خەڵەف شەوقی ڕۆژنامەنوس، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ساڵی نۆیەم، ژمارە(2)، بێ دەزگای چاپ، هەولێر.

دزەیی، محمد حسن، (1990)، مدینة أربیل أیام زمان، گۆڤاری کاروان، ساڵی نۆیەم، ژمارە (91)، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

ڕوژ کوردستان، ژ1، 15 تشرینی دوەمی 1922.

ڕوژ کوردستان، ژ12، 10 شوباتی1923.

ڕوژ کوردستان، ژ3، 6 کانونی یەکەمی 1922.

ژین، ژ 1395، 29ئایاری 1958.

ژین، ژ769، 28 کانونی یەکەمی 1944.

ساڵح، ڕەفیق، (2001)، گۆڤاری دیاریی کوردستان 1925-1926، لێکۆڵینەوەی: نەوشیروان مستەفا ئەمین – صدیق ساڵح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ساڵح، سدیق، (2011)، لەبەڵگەنامەکانی جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید، گۆڤاری بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، ساڵی سێیەم، ژمارە (3).

ساڵح، سدیق، (2016)، بەڵگەنامەیەکی دیکە سەبارەت بە جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید، گۆڤاری بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، ساڵی هەشتەم، ژمارە (8).

ساڵح، سدیق، (2010)، لەبەڵگەنامەکانی جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید، گۆڤاری بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، ساڵی دوەم، ژمارە (2).

سجادی، علاءالدین، (1943)، کوردی بەناوبانگ علی کمال بەگ، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم- بەشی یەکەم، ساڵی چوارەم، ژمارە (7)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

شـێخ جەلال، نوری، (1970)، ئاهەنگی نەورۆزی سـاڵی 1930 لە چەمچەماڵ دا، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دوەم، ژمارە(2)، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا.

عەبدولعەزیز، فەرهاد، (2022)، شـاری چەمچەماڵ لانکەی یەکەمی یادکردنەوەی نەورۆز، گۆڤاری گوڵچن، ژمارە(1)، بێ دەزگای چاپ، سلێمانی – چەمچەماڵ.

فیضی، عزالدین، (1985)، ڕەمزی نافیع و بۆچونەکانی کاك مەسعود محەمەد و کاك محەمەدی مەلاکەریم، گۆڤاری کاروان، ساڵی چوارەم، ژمارە (38)، چاپخانەی دارأفاق عربیة، بەغدا.

کریم، غفور میرزا، (1985)، خەلەف شەوقی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (107)، دارالثقافة والنشرالكردية، بغداد.

گۆڤاری دیاری کوردستان – هدية كوردستان، (11 مارتی 1925)، ژمارە(1)، مطبعة دارالسلام، بغداد.

گۆڤاری دیاری کوردستان – هدية كوردستان، (11 مایسی 1916)، ژمارە(16)، طبعت بالمطبعة السريانية الكاثوليكية، بغداد.

گەلاویژ، (1945)، ئەدیبی بەناوبانگی کورد صالح زکی بەگی صاحبقران، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی شـەشـەم- بەشی یەکەم، سـاڵی شـەشـەم، ژمارە (3)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

موکریانی، حوزنی، (1989)، شـاری کۆیە لە پایزی سـاڵی "1935" دا، گۆڤاری ڕۆشـنبیری نوێ، ژمارە (124)، دارالثقافة والنشر الكردية، بغداد.


مەزهەر،کەمال، (1974)، کوردســتان لەســاڵەکانی شــەڕی یەکەمی جیهاندا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دوەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.


وهبی، توفیق، (1945)، لە ئیینی پاســینی ســالح زەکی بەگدا، گۆڤاری دەنگی گێتی ی تازە، بەرگی ســێیەم، ژمارە (5)، چاپخانەی معارف، بەغدا.

شارەزا، کریم، (10 تموز 1998)، مع اعلام الكورد العسكري والاديب والرجل الاداري المخلص والصحفي الكوردي صالح زكي صاحيبقران 1886-1944، جريدة خەبات، العدد 882.

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هاوڕێ محەمەد ساڵح) لە 2025/1/3.


پاشکۆی ژمارە (1)
ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (دیاری کوردستان) ی لەخۆ گرتوە.






پاشکۆی ژمارە (3)

هۆنراوەیەکی (ساڵح زەکی) لەخۆگرتوە، کە بە زمانی تورکی نوسیویەتی.



بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە وەرگیراوە لە بنکەی ژین.

https://zheen.org/language/en/home/

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هاوڕێ محەمەد ساڵح)، لە 2025/1/3 لە هەولێر، ناوبراو (4ی تشرینی دوەمی 1953) لە بەغدا لەدایکبوە، دایکی ناوی (سعاد کچی ساڵح زەکی) یە، ساڵی (1977)خوێندنی بەکالۆریۆسی لە بەشی ئابوری زانکۆی مستنسریە تەواوکردوە، ساڵی (1984) ماستەری لە هەمان بەش و زانکۆ تەواوکردوە، پاشان ساڵی( 2012) بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلێژی اقتصاد – زانکۆی کوفە بەدەستهێناوە، ساڵی (2018) بەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەتەمەنی (65) ساڵیدا خانەنشینکراوە و ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

[2] شوعەیبە: ئەو شەڕەبو مانگی (نیسانی 1915)لە نێوان هێزی سوپای عوسمانییەکان و بەریتانییەکان لە نزیك شاری ناسریە ڕویداوە، کە تێیدا سوپای عوسانییەکان بەخراپی شکاون و ژمارەیەکی زۆر کوژراو برینداریان هەبوە، سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بەدیلگیراوە. بڕوانە: (مەزهەر، 1974: 214).

[3] عەلی کەمال بەگ: کوڕی میرزا عبدالرحمن کوڕی حاجی قادری کوڕی وهابە، ساڵی (1900) لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و ساڵی(1918) قوتابخانەی سەربازی ئەستانبوڵی تەواوکردوە و بوە بە ئەفسەر لە ڕیزی سوپای عوسمانیدا، بەمەش لەوێدا ماوەتەوە و ساڵی(1922) گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، وەکو یاریدەدەر و بەڕێوبەری پۆلیس لەچەندین شاری وەکو (هەولێر، کۆیە، دیوانیە، دیالە، کەرکوك و بەغداو زۆر شوێنی دیکە) کاریکردوە و ساڵانی(1935 و 1948) وەکو نوێنەری سلێمانی هەڵبژێردراوە و لەبواری خێرخوازیشدا دەستێکی باڵای هەبوەو لە دوای شۆڕشی (14 تەموزی 1958) ڕویکردۆتە لەندەن، لەوێدا نیشتەجێبوە. بگەڕێوە بۆ : (سجادی، 1943: 1-9).

[4] دیارترینی ئەم ڕوداوانەش تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانییەکان و شێخ مەحمود بو(هاوار، 1991: 501).

[5] لەنمونەی ئەو ئەفسەرانەش وەکو: (عەزیز حیکمەت قەزاز، ئەمین ڕواندزی، فایەق کاکەمین). بڕوانە: (بابان، 2001: 14).

[6] لەنمونەی ئەو ئەفسەرانەش وەکو: (عەزیز حیکمەت قەزاز، ئەمین ڕواندزی، فایەق کاکەمین). بڕوانە: (بابان، 2001: 14).

[7] خەلەف شەوقی: سەر بەهۆزی داودەی کەرکوکە، باوکی ناوی ئەمین بوە، ساڵی 1898 لەدایکبوە، هەریەك لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی و هندی) بەباشی زانیوە، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ڕیزی سوپای عوسمانی لەبەرەی عێراق دژی بەریتانییەکان جەنگاوە، دوای بەدیلگرتنی دورخراوەتەوە بۆ هیندستان، بەمەش دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق ڕۆڵی لە سەرپەرشتیکردن و دامەزراندنی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبی بینیوە، سەرباری کاری میری، ئەندامێکی کارای یانەی سەرکەوتن بوە و ساڵی 1939 لەتەمەنی 41 ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە. بگەڕێوە بۆ هەریەك لە: (حەریری، 1985: 82-84؛ کریم، 1985: 278-279).

*** بۆ زانیاری دەربارەی تەواوی هۆنراوەکە بەزمانی تورکی بڕوانە پاشکۆی ژمارە(3).

[8] ڕوپیە: جۆرە دراوێك بو لە سەردەمی داگیرکاری و ئینتدابی بەریتانییەکان لە عێراق مامەڵەی پێکراوە، ئەم دراوە لەبنەمادا هندییە، کە یەك ڕوپیە یەکسان بو بە(75)فلس(حویز، 2023: 16).

[9] لەنمونەی ئەوکەسانەی، کە ڕۆڵی دیاری لە هاندان و وروژاندنی خۆپیشاندەران و جەماوەری هەولێردا بینیوە (شێخ حەسەن نیعمەتوڵڵا) ناسراو بە (حەسەن ئەفەندی) بەڕێوبەری قوتابخانەی دوەمی سەرەتایی هەولێر بوە، چونکە ناوبراو پیاوێکی چالاك و دڵسۆز و دۆستی ئەڵمانەکان و دوژمنی ئینگلیزەکان بوە و پێشتریش سەرپەرشتی چەندین خۆپیشاندانی قوتابیانی کردوە. بڕوانە: (رسول، 2005: 177- 178).